# ئاپۆئیزم و کێشەی ژن

ن. جەمیل کۆلاهی

پەکەکە زیاتر لە هەموو پارتە سیاسییەکانی دیکەی کوردستان لە هەر چوار پارچەدا توانیویە ژن بێنێتە ناو ڕیزەکانی خۆیەوە کە هەر ئەمەش ئەو پرسیارە دەخوڵقێنێ کە چ هۆکارێك بۆتە هۆی ئەوەی کە پەکەکە بتوانێ تا ئەو ڕادەیە ژن لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە؟ ئایا ئەمە لە پێشکەوتوویی ئاپۆئیزمەوە سەرچاوە دەگرێ یان لە هێندێك فاکتەری دیکەی کۆمەڵایەتی وەک پێکهاتەی عەشیرەی باکووری کوردستان و نائاگایی ژنانی پارچەکانی دیکە بە نیسبەت پەکەکەوە و هەروەها دەزگای پرۆپاگاندای پەکەکە کە راستییەکانی ناو پەکەکە دەشارێتەوە و بە پێچەوانە پیشانیان دەدات؟ ئەگەرنا ئیدئۆلۆژی ئیسلام زۆرترین ڕێژەی ژنانی لە دەوری خۆی کۆ کردۆتەوە، بەڵام ئایا لە ئیسلامدا مافی ژنان پارێزراوە؟

ئۆجەلان وەك دامەزرێنەری پەکەکە لە دووتوێی کتێبەکانیدا زۆر جار لە سەر ژن دواوە و تەنانەت کتێبی "مانیفستی ئازادیی ژن"ی نووسیوە و لە نێو پەکەکەشدا ژنان ڕێکخراوی تایبەتی خۆیان بە نێوی "پارتی ئازادیی ژنانی کوردستان"یان هەیە. دروشمی "ئازادیی سەرۆك ئاپۆ، ئازادیی ژنە" نیشاندەری پێوەندیی قووڵی ڕێکخراوی ژنانی ناو پەکەکە بە بیرۆکەکانی ئۆجەلانەوە هەیە و لە نێو پەکەکەدا وەك هێمایەك بۆ ئازادیی ژن سەیری دەکرێ! هەر لەم پێوەندییەدا ئۆجەلان دەڵێ: "ژنان بە بیرۆکەکانی من پێویستییان هەیە و بە بۆنەی ئەوەوە کە ڕێگەی ئازادییان نیشان دەدەم، بەرەو لای من دێن" (چگونە باید زیست ل ١٢٤)

ئۆجەلان لەم کتێبەدا دەڵێ: "بزووتنەوەی فێمینیستی بە هۆی ئەوەی کە تەنیا لە سەر بنەمای ڕەگەز بۆ کێشەکان دەڕوانێت، نەیتوانیوە لە ڕێگەی ڕزگاریی ژندا پرواتە پێشەوە. لەگەڵ بنەڕەتیبوونی شرۆڤەی ڕەگەز، دەبێ پێکهاتەی ئیدئۆلۆژیکی و ڕێکخراوێك دژی پیاوسالاری پێك بێت... یەکێکی دیکە لە هەڵەکانی فێمینیزم ئەوەیە کە لە ژێر ناوی سەربەخۆییدا، خۆیان لە کێشەکان دەدزنەوە. لە ڕوانگەی مێژووییەوە ئەوەی کە دەبینرێ ئەمەیە کە ئەوان یان کێشەکە تەنیا لە ڕوانگەی ئابوورییەوە شرۆڤە دەکەن یان لە دەوروبەری ڕەگەزی ژندا" (مانیفست آزادی زن، ص ١٧، ١٨ و ١٩). بۆیە ئۆجەلان بۆ یەکەمین جار لە ساڵی ٢٠٠٨دا ژنۆلۆژی لە جیاتی فێمینیزم پێشنیار دەکات و لە ساڵی ٢٠١١ و لە کۆنگرەی هەشتەمی PAKJدا بەشی ژنۆلۆژی دانرا.[1]

هەر وەك کۆنفیدرالیزمی دیمۆکراتیك، ئۆجەلان بۆ داڕشتنی مانیفستی ژنان، پەنا دەباتە بەر مێژوویەکی کۆن کە دەگەڕێتەوە بۆ ١٥ هەزار ساڵ پێش لە زایین و بە بێ بەڵگە و سەرچاوە، مێژوویەکی خەیاڵی ساز دەکات کە هیچ بنەمایەکی زانستیی نیە، بەڵام بەو حاڵەش دەیکات بە بنەمای ئیدئۆلۆژییەك کە دەیەوێ ژنی سەدەی ٢١ی پێ ڕزگار بکات. ئەو دەڵێ: "لە سەردەمی بەردینی نوێدا لەم ناوچەیە (بەشەکانی باکووری دیجلە و فیرات) ژن ژیانی نیشتەجێبوون لە یەك شوین، کشتوکاڵ، کاری هۆنەری، زانست و

1 آرمانج ساریا،(عضو کمیته ژنولوژی)، دیماه ١٣٩٢، ژنولوژی یک سازمان یا یک حزب و یا یک گروه فکری نیست بلکه علم زن و زنشناسی است، http://www.pajk-online.com/fa/2012-07-06-00-08-45/852-2014-01-09-10-03-35

پزیشكیی بۆ یەكەم جار دەست پێ كرد و بۆ هەمو دنیا بڵاوەی پێ كرد... ئاژەڵەكانیان دەستەمۆ كرد... بۆ یەكەمین جار ئاگریان دۆزییەوە... خانوویان چێ كرد... فەرهەنگی پاك و خاوێنی و ئاودێركردنیان پەرە پێدا... پیشەی ڕستن و چنینیان بنیات نا... بە دوای دۆزینەوەی ئاسن، شێوەی بەدەستهێنانی بەرهەمی زۆرتر فێر بوون" (مانیفست آزادی زن، ص ١٧، ١٨ و ١٩)، بۆیە دەڵێ: "مێژووی ژن بە واتای مێژووی كشتوكاڵ، پەروەردەی ئاژەڵی چووكە، داری میوە، خانوو، چنین و ڕستن، پاچ و پێمەڕەیە. ئەم شۆڕشە بۆ یەكەمجار لە سەردەمی بەردینی نوێدا و لە میزۆپۆتامیا و بە هەوڵەكانی ژنی ئازاد سەركەوت" (مانیفست آزادی زن، ص ٢٣).

ئەم كۆمەڵگەی سروشتییە كە ئۆجەلان باسی لێ دەكات و لەودا ژنسالاری بووە، لە قۆناغی یەكەمی كۆمۆنیزم وەری گرتووە كە ماركس شرۆڤەی دەكات. ماركس سێ قۆناغی بۆ كۆمۆنیزم داناوە. لە قۆناغی یەكەمدا كە بە كۆمۆنی سەرەتایی ناودێری دەكات، مرۆڤ لە ڕێگەی ڕاو و كۆكردنەوەی پێخۆرەوە ژیاوە. ئەم قۆناغە لە سەردەمی بەردینی كۆندا بووە. ئەم قۆناغە سەرەتاییەی كۆمۆنیزم پێش لەوەی زیادبوونی بەرهەمی كشتوكاڵ ببێتە هۆی چێبوونی بەرهەمی زیاتر لە پێویستی كۆمەڵگە كە بنەمایەك بووە بۆ پێكهاتنی چینی جیا لە چینی بەرهەمهێنەر (سەربازی، رووناكبیر..)، شارستانییەت و چینی كۆمەڵایەتی سیستمی كۆمەڵگە بووە. لەم كۆمەڵگەیانەدا خەڵك لە گرووپگەلێكی چووكەدا ژیاون. ئەوان ڕاویان كردووە یان پێخۆریان كۆ كردۆتەوە بۆ هەموو گرووپەكە. لەم كۆمەڵگەیەدا نە خاوەندارێتیی تایبەت هەبووە و نە چینی كۆمەڵایەتی. لە قۆناغی دووهەمی كۆمۆنیزمدا دەوڵەت بە تەواوی تێدا نەچووە و خاوەندارێتیش هەر ماوە، بەڵام لە قۆناغی سێهەمدا نە چینی كۆمەڵایەتی دەمێنێ و نە خاوەندارێتیی تایبەت. بەڵام ئۆجەلان بۆ ئەوەی كە دژی ماركس بوەستێتەوە، ژن وەكوو چینی كۆمەڵایەتی دادەنێت كە ئەمە هەڵەیەكی گەورەیە، چوونكە ئەگەر ژن چینێك بێت، پیاویش چینێكە كە دەبێتە خاوەنی ژن، واتە دوو چینی كۆمەڵایەتیی ژن و پیاومان هەیە! كە ئەمە بیرۆكەیەكی بە تەواوی هەڵە و نالۆژیكییە. چوونكە ئەوە خاوەندارێتیی كەرەستەی بەرهەمهێنان، زەوی، كۆیلە و شتەكانی دیكەیە كە چینی كۆمەڵایەتی پێك دێنێ و كە ژن هیچكام لەمانەی نەبووە. ئەوە ڕاستە كە ژن چەوساوەتەوە و مافی لێ زەوت كراوە، بەڵام هیچ كات ناتوانی وەك چینی كۆمەڵایەتی سەیری بكەی.

ئۆجەلان هۆی ژێردەستەبوونی ژن دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی كە "ژن لە سەردەمی دەسەڵاتدارێتیی خۆیدا كە بە هۆی دۆزینەوە و چێكردنی ئامرازی زۆر، گۆڕانكاریی زۆری لە پێشكەوتنی مێژووی مرۆڤایەتیدا پێك هێنا، بە دوای ئەوەدا نەیتوانی خۆی لەگەڵ دۆخی نوێ ڕێك بخات و بە شێوەگەلی كۆن كە وەڵامدەری پێداویستی و خواستە كۆمەڵایەتییە نوێیەكان نەبوون، قەناعەتی كرد و ئەو سیستمەی كە خۆی ئافراندبووی نەیگۆڕی، پیاویش لەم دەرفەتە كەڵكی وەرگرت و بەرهەمەكانی ژنی بە شێوەی شتومەكی بازرگانی بۆ ناوچەكانیتر گواستەوە، بازرگانیی دەست پێ كرد... پیاو لەم ڕێگەیەوە سامانێكی زۆری دەستەبەر كرد، ئەمە لە ڕاستیدا یەكەمین شێوەی كاپیتالیستی یان شێوە سەرەتاییەكەیە. ئەمە یەكەمین پێوەندیی كاپیتالیستییە كە پیاوتەوەر بوو و لە سەر بناغەی بایەخە ئافرێنراوەكانی دەستی ژن، فۆرمی گرت (مانیفست آزادی زن، ص ٢٨) ئۆجەلان لە جیاتی ئەوەی كە بەڵگەی مێژووی بۆ گۆڕانی سیستمی دایكسالاری بۆ باوكسالاری بێنێتەوە، پەنای بردۆتە بەر ئەوە كە بە جۆرێك نیشان بدات پیاو فێڵی لە ژن كردووە و سیستمی گۆڕیوە.

کاتێك ئۆجەلان دەڵێ: "ژن پیاوی لە ئاژەڵەکان جیا کردەوە و یەکەمین کەس کە کۆمەڵگەی مرۆیی پێك هێنا، ژن بوو. بۆ یەکەمین جار ژن کۆمەڵگەی پەرەپێ دا، پیاو سەرەتا وەك وەحشی ژیانی دەکرد، بەڵام ژن کۆمەڵگەی پێك هێنا، ڕەگەزێك کە لە ژیان و کۆمەڵایەتی بووندا ڕۆڵێکی ناتەواوی لە سەر شان بووە، ڕەگەزی نێر بووە" (مانیفست آزادی زن، ص ١٣) دەیەوێ ئیدئۆلۆژییەکی ژنانە دابتاشێ. لە ئیدئۆلۆژیدا هەبوونی دوژمن پێویستە، بۆیە ئۆجەلان دەڵێ: "پیاو سیستمی جێگرەوەی بۆ سیستمی ژنتەوەر سەرەتا لە بوارگەلی هەست، ڕۆح و ئەندێشەدا ئافراند و دواتر جێگیری کرد. ئەمەش شەڕی سیستم پێك دەهێنێ، بێگانەبوون بە شێوەی دوورکەوتنەوە لە گەوهەری مرۆڤ ڕووی دا، ئەمەش دوورکەوتنەوەی پیاو لە گەوهەری مرۆیی بوو. بۆیە دەتوانین بڵێین کە یەکەمین سیستمی کۆمەڵگەی چینایەتیی پیاوسالار، لە باری ئیدئۆلۆژیکییەوە لە سەر بنەمای دژایەتی لەگەڵ گەوهەری مرۆڤ دەرکەوت و هاتە ئاراوە... سیستمی پیاوسالار نەیتوانی بە ئاسانی لە باری ئیدئۆلۆژیکییەوە سەرکەوێ، چوونکە ئیدئۆلۆژیی ژنانە ئیدئۆلۆژییەکی خاوەن ڕابردوو بوو و پەیوەست بە گەوهەری مرۆڤ و خاکەوە بوو" (مانیفست آزادی زن، ص ١٦٧).
ئۆجەلان لە سەر گۆڕانی سیستمی ژن-سالاری بۆ پیاو-سالاری بەڵگەیەکی زانستی بە دەستەوە نادات و هەر بە گوترە دەڵێ گەوهەری ژن مرۆییە و هیی پیاو نامرۆیی و شەڕانی! بۆیە سیستمی پیاوسالاری سەرکەوتووە، ئیتر لەم نێوەدا فاکتەری فیزیۆلۆژیکی، زۆربوونی حەشیمەت، پێویستیی زۆر بە خۆراك، شەڕ و گۆڕانی سیستمی ڕاوکردن بە کشتوکاڵ... کە بۆتە هۆی دابەشکردنی کار لە نێوان دوو ڕەگەزدا، لە بەرچاو ناگرێت. ئەو دەڵێ: "سروشتی ژن بوو کە عەداڵەتی ڕاستەقینەی پێك دەهێنا، ئەوە سروشتی ژن بوو کە ئاشتیخواز بوو و دژی شەڕ و ڕەوتی بە چینایەتی بوونی کۆمەڵگە بوو... پیاو کە لە ڕابردوودا ڕاوچی و شەڕکەر بوو، باشتر بە ئامرازە ئاسنەکان کاری دەکرد، بۆیە بە کەڵك وەرگرتن لە سروشتی شەڕخوازی و هێزی جەستەیی، ژنی لە نێو بازنەی بەرهەمهێناندا ڕاو نا و گۆشەگیری کرد. بەم شێوەیە ژن-خودا (ئیلاهەی پیرۆز)ی وە لاوە نا و خۆی وەك خودا-شا ناساند. بەم شێوەیە یەکەمین چینی چەوساوە واتە ژن پێك هات. ئەم گۆڕانکارییانە بوو بە هۆی پێکهاتنی دەوڵەت و لەگەڵ یەکگرتنی دەسەڵاتی پیاو و دەسەڵاتی چینایەتی، کۆمەڵگەی چینایەتی بە شێوەی دەسەڵاتی کۆمەڵایەتیی لێ هات. پیاوبوون بە واتای ڕەگەزی دەسەڵاتدار، چینی دەسەڵاتدار و دەوڵەتی زاڵ بوو" (مانیفست آزادی زن ص ١١، ٢٧، ٢٨، ٢٩ و ٣٣). ئۆجەلان هەر وەك لە کۆنفیدراڵیزمی دیمۆکراتیکدا هەموو نەهامەتییەکانی دەخستە ئەستۆی دەوڵەت، لێرەشدا دەیەوێ ژێردەستەبوونی ژنان و سەرکوتی ژنان گرێ بداتەوە بە دەوڵەتەوە. هەر بۆیە لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێ دەوڵەت-نەتەوە بە هۆی چەوساندنەوەی ژنان، کۆمەڵگەکەی کردۆتە کۆڵۆنی.[2] ئۆجەلان باسی ئەوە ناکات کە کێشەی ڕەگەزی، کێشەی نەتەوەیی و هەموو کێشە کۆمەڵایەتییەکان نەك لە بوونی دەوڵەت، بەڵکوو لە نەبوونی دەوڵەتێك بە یاسای مرۆڤتەوەرەوە سەرچاوە دەگرێ کە هەموو مرۆڤەکان بە بێ لە بەرچاوگرتنی ڕەگەز، ڕەنگی پێست، نەتەوە و دین لە بەرانبەر یاسادا یەکسان بن.
دوای پێکهاتنی دەوڵەت، لە پرێکدا ئەو ژنە کە ئۆجەلان بە ئیلاهە یان ژن-خودا ناوی دەبرد، دەبێتە قەحبە و لەشفرۆش. ئەو دەڵێ: "بە گشتی دەستپێکی بەکۆیلەکردنی مرۆڤ و ڕەگەزی ژن لە پەرستنگەکانی سوومر و کۆشکی پاشاکاندا، وەك گرینگترین ڕووداوی مێژوویی تۆمار کراوە. دواتر تەنیا بە کەمکردنەوەی پلەی ژن ڕازی نەبوون، بەڵکووو کردیان بە یەکێك لە ئامرازەکانی چێژ وەرگرتن. کۆمەڵێك کچیان بۆ پەرستنگەکان هەڵدەبژارد و پەروەردەیان دەکردن و بە شێوەی کارامەترین ئامراز بۆ ڕاوی پیاوەکان ڕۆڵیان دەگێڕا. بەم شێوەیە هەم ژن و هەم کۆمەڵگەی ژێردەسەڵاتی پەرستنگە گەندەڵ کران. ئەم سیستمە

[2] Abdullah Ocalan, Democratic Confederalism, 2011, Transmedia Publishing Ltd. – London, Cologne, ISBN: 978-0-9567514-2-3, p 16. http://www.freeocalan.org/wp-content/uploads/2012/09/Ocalan-Democratic-Confederalism.pdf

دواتر به شێوەی قەحبەخانەی گشتیی لێ هات. هاوکات لەگەڵ بەرزبوونەوەی پلەی ڕەگەزی پیاو بۆ کاهین-پاشا و دواتر خودا-پاشا، هەموو پێشکەوتنەکانی شارستانییەت کە جێگەپەنجەی ژنانی پێوە دیار بوو، کرا بە ناوی پیاوەوە و ئەو سەردەمە زێڕینەی ژن تا ئێستا بێدەنگیی لێ کراوە. شارستانییەتی سوومر بە لاڕێدا برا و لە بنەماکانی جیا بووەوە و شارستانییەتی ئەمڕۆیی بە سەر شارستانییەتی بەردینی نوێدا زاڵ کرا. ژن بوو بە یەکەمین چینی ژێردەستەی مێژوو" (مانیفست آزادی زن ص ٣٠ و ٢٩). ئۆجەلان ئەم مێژووە خیاڵاوییە بە بێ بەدەستەوەدانی بەڵگەیەك، بە کوردەوە گرێ دەدا. چوونکە ئەو پێی وایە شارستانییەتی سوومر کورد بوونە. بۆیە دەڵێ: "کوردەکان لە سیستمی کۆیلەداریی سوومردا، بە کەڵك وەرگرتن لە ڕەگەزی ژن کەوتنە داوی گەندەڵی و بوون بە هاودەستی سیستم. کچە پەروەردەکراوەکانی پەرستنگە، بە تەواوی لەم کارەدا بەشدار بوون. ئەنکیدۆ، واتە کوردی ئازادی کۆمەڵگەی کۆمۆنی سەرەتایی لە ڕێگەی ئەم کچانەی ناو پەرستنگەکانەوە لە ماوەیەکی کورتدا لە سەر کوێستانەکان پەلکێشی خوارێ کران و بە ژیانی شاری ڕاهاتن... ئەو وڵاتانەی کە دزەکردن بۆ ناویان بە بێ بوونی بەکرێگیراوێك ئەستەمە، بە یارمەتی و ڕێنوێنیی هێندێك خەیانەتکار کە زیاتر لە کۆمەڵگەی شاریدا بە کەڵك وەرگرتن لە ڕەگەزی ژن، تووشی گەندەڵی بوونە، داگیر دەکرێن" (مانیفست آزادی زن ص ١٠٢و ١٠٣). لێرەدا ژن لە زەینی ئۆجەلاندا لە بەرزترین پلەوە واتە خودا دێتە سەر نزمترین پلە واتە ئامرازی گەندەڵی و بەلاڕێدابردنی کۆمەڵگە. ئیتر لێرەوە ژن لە ڕوانگەی ئۆجەلانەوە لە پلەیەکدایە کە کەسایەتیی داڕماوە و دەبێ سەر لە نوێ چێ بیێتەوە. بەڵام ئەم کارە بە بۆنەی ژنەوە ناکات، ئەم کارە بە بۆنەی ڕزگارکردنی پیاو و کۆمەڵگەوە دەکات، چوونکە ئەو پێی وایە کە کۆمەڵگە و پیاو لە ڕێگەی ژنەوە گەندەڵ بوونە و "قارەمانترین پیاوی کورد کاتێك پێی ژنێك دێتە مەیدان لە نێو دەچێ" (مانیفست آزادی زن ص ١٢٢)، هەر بۆیە دەڵێ: "ژنی کلاسیك کە لەبارترین دۆخی بۆ چێبوونی پیاوی ناڕەسەن پێك هێنابوو، بە هۆی پرۆژەی ژنی گەشەکردووی کورد، پیاوی گەشەکردووی کورد، کوژرا" (مانیفست آزادی زن ص ١٢٣). لێرەشدا دیسان ڕوانگە ئیسلامییەکە بە سەر بۆچوونی ئۆجەلاندا زاڵ دەبێ و تاوانی بەلاڕێداچوونی پیاو دەخاتە ئەستۆی ژنەوە و پێی وایە کە کەسایەتیی ژن دەبێ سەرەتا چێ بکرێتەوە و لەم ڕێگەیەشەوە پیاو دێتەوە سەر ڕێگەی ڕاست. واتە ژن ناوەندی گەندەڵییە! هە بۆیە دەڵێ: " کاتێك کە جەوان بووم و بنەماڵەم دەیانویست کچێکم بۆ بیننەوە، بیرم دەکردەوە کە تووشی چ ئازارێك ببمەوە، دواتریش کە خۆم گەڕام بە دوای کچێکدا، دیتم کە لەگەڵ چ بوونەوەرگەلێکی مەترسیدار بەرەوڕووم" (خودسازی حزبی چلد ١ و ٢ ص ١٧٥)، هەر بۆیە فاتیمەی هاوسەری خۆی بە مار دەشوبهێنێ (زبان و عمل انقلاب، ص ١٧١ و ١٧٤)، بەڵام لەگەڵ ئەوەش نەیتوانیوە خۆی لە ژن دوور بخاتەوە و دەڵێ: "من هەر لە منداڵییەوە تا ئەمڕۆ ژنم هەم بە دڵڕفێن دیتووە، هەم بە مەترسیدار. لە کاتێکدا کە بە مەترسیم زانیوە تێکۆشاوم کە تایبەتمەندییە ئەرێنی و جوانییەکانیان بە دەست بهێنم. هەموو کات لە نێو ئەوانەدا کە ناشیرین و ناڕیکوپێکن و ئەوانەی کە جوان و ئازادن، جیاوازیم داناوە. تێکۆشاوم دەرفەتی گەشە بە یەکەمی نەدەم و دووهەمی بناسێنم و یارمەتیی بدەم، ئەمە ڕێبازی منە (چگونە باید زیست، ص ٤٥).

نووسراوە پیرۆزەکانی جوولەکە و مەسیحی ژن وەك بوونەوەرێکی پیس پێناسە دەکەن کە پیاو گەندەڵ دەکات، بۆیە ڕای یەهۆوە لەو نووسراوانەدا ئەوەیە کە لە هەر کردەوەیەکی سێکسیی نامەشرووعدا کە لە نێوان ژن و مێرددا ڕوو دەدات، ئەوە ژنە کە بە هۆی هێزی سێکسیی خۆی پیاو هەڵدەخەڵەتێنێ و گەندەڵی دەکات، بۆیە تاوانەکە هەموو کات لە ئەستۆی ژنە نەك پیاو.[3] ئەم بیرۆکەیەی ئۆجەلانیش کە لە گەندەڵبوونی پیاواندا، ژنان بە

---

[3]: مسعود انصاری، ٢٠٠٨، زن در ادیان ابراهیمی، ص ٤٥

تاوانبار دەزانێ، هەڵدەگەڕێتەوە بۆ ئەوە کە ئۆجەلان ڕابردوویەکی مەزهەبیی هەیە و ڕوانگە ئاینییەکەی هێشتا لە سەر ژن ماوە کە دواتر بە چڕی باسی لە سەر دەکرێ.
ئۆجەلان ئاماژە بەوە دەکات کە: "سێکس بۆ مانەوەی جۆری مرۆڤ پێویستە و بەرهەمێکی بێ وێنەی سروشتە کە دەبێ پیرۆزیی هەبێت... خاوەنی منداڵ بوون لە ژن شتێکی پیرۆزە" (مانیفست تمدن دمکراتیك – ج ١ ص ٧١)، بەڵام ئۆجەلان دەڵێ دەبێ ئەم پێوەندییە سێکسییە بە دوور لە چاوەدێری نەبێت، چوونکە ژن و پیاوەکە ڕادەکێشرێنە سەر ڕێگەی خەیانەت. ئەو دەڵێ: "ئەگەر پێکهێنانی پێوەندی بۆ هەموو کەس لە هەر پلەیەکدا ئازاد بکەم، لە قەرەچەکان خراپتریان بە سەر دێ و لە یەکەمین دەرفەتدا خەیانەت دەکەن. لە ڕیزی ئێمەدا هێندێك کەس توانای وەلانانی پێوەندی لەگەڵ ڕەگەزی بەرانبەریان نیە و دەبنە هۆی پێکهاتنی کێشەی تراژیك و ڕووبەڕووی سزا دەبنەوە. کۆیلە مافی پێکهێنانی ژیانی هاوبەشی نیە، ئێوە (گەریلاکان) کە لە دۆخی خراپتر لە کۆیلەکاندان و ناتوانن خۆتان ڕزگار بکەن، مافی پێکهێنانی ژیانی هاوبەش و شتەکانی دیکەتان نیە. کۆیلەکان مافی پێکهێنانی پێوەندیی کۆمەڵایەتییان نیە، کۆیلەکان تەنیا بۆ کەسانی دیکە کۆیلایەتی دەکەن، کۆیلە ناتوانی ژن یان شووی هەبێ، کۆیلە ئەگەر ژن بێت دەیفرۆشن، ئەگەر پیاویش بێت بۆ هەموو کارێك کەڵکی لێ وەردەگرن" (چگونە باید زیست؟ ص ٦٣، ٩٣و ١٣٥)، هەر بۆیە پێکهێنانی ژیانی هاوبەش لە ناو ڕیزەکانی پەکەکەدا ڕێگەپێدراو نیە و هەر کەسیش بیکات بە توندترین شێوە سزا دەدرێت!

ئۆجەلان بۆ جێگیرکردنی بیرۆکەکەی دژی پێکهێنانی ژیانی هاوبەش بە تایبەتی لە فۆرمی بنەماڵەی تاك هاوسەریدا دەوەستێتەوە. ئەمەش لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کە خوازیاری گەڕاندنەوەی کۆمەڵگە بۆ سەردەمی کۆمۆنە سەرەتاییەکانە کە خۆی پێی دەڵێ کۆمەڵگەی سروشتی کە لەودا شتێك بە ناوی پێکهێنانی ژیانی هاوبەش نەبووە! ئەو دەڵێ: "یەك حەوتوو لە ژیانی هاوبەشتان تێ ناپەڕێت کە دەزانن چ بەڵایەکتان بە سەردا هاتووە، ژن پاشەکشە ناکات و هەر وەك تەگەرێك پیاو دەخاتە ژێر زەختی خۆیەوە و وەك ئاشەبەردینە دەیهاڕێ، ئەگەر پیاو تاقەتی ئەم دۆخەی هەبێ، دەبێ خەڵات بکرێ!" (چگونە باید زیست؟ ص ٧٣).

ئۆجەلان دەڵێ: "بنەماڵە گەورەترین ناوەندی بەلاڕێدابردن و لاوازکردنە، پێوەندیی ژن و مێرد تاقەتپڕووکێنە و ژیانێك کە لەو پێوەندییە بەرهەم دێت وەکوو ژەهر تاڵە. پێوەندیی ژن و مێردایەتی پێوەندییەکی قیزەونە و وشەگەلێك وەك کچەکەم، ژنەکەم و کوڕەکەم گوێچکە ئازار دەدەن" (چگونە باید زیست، ص ٥١ و ٦٢). ئۆجەلان بە شێوەیەکی بێ وێنە هێرش دەکاتە سەر بنەماڵە و بە ئامرازی بەلاڕێدا بردن و بێ ئەخلاقیی دەزانێ! ئەو دەڵێ: "لە ناو بنەماڵەدا، هەر ئەو پێوەندیی قەحبەگەرییە لە ئاڕادایە کە لە قەحبەخانەکاندا باوە، سێکس سەرەکیترین ڕێگە بۆ لەنێوچوونی ژن و مێردە. لۆژیکی سێکسی دوایین بەرهەمی خەوهێنەر بۆ گەلانە. چالاکترین ئامراز کە کاپیتالیزمی نێئۆلیبراڵ بۆ زاڵبوون بە سەر دنیادا کەڵکی لێ وەرگرتووە، ژنە. ژن لە ناوەندی سڕکردن و لیبراڵیزەکردنی گەلاندایە. بەشی قەحبەکان کە بە مەبەستی جێگیرکردنی بنەماڵەی ناوەندی لە کۆمەڵگەی ئەمڕۆدا، گەشەی پێ دراوە، خۆی لە خۆیدا بازاڕێکی سێکسییە. سیستمی بنەماڵەی یەك هاوسەری کە لە هەموو مێژووی کۆمەڵگەی چینایەتی-نەتەوەییدا بەردەوام هەبووە، مانای یەك هاوسەریی تەنیا بۆ ژن تێدایە. مێژووی قەحبەگەری هاوکاتە لە گەڵ دەرکەوتنی بنەماڵەی یەك هاوسەری. دواتر لە سیستمی کۆیلەداری، فێئۆدالیزم و کاپیتالیزمدا وەك پڕ داهاتترین بازرگانیی لێ هات. دۆخی ژن لە ناو بنەماڵەی یەك هاوسەریدا نموونەیەکە لە قەیران، ژن مانایەکی جیا لە کۆیلە و ئامرازی سێکسیی لە بنەماڵەدا نیە. خاوەنەکانی بازاری نێونەتەوەیی ژنان کە کاری قەحبەگەرییان هەڵبژاردووە، بە بۆنەی دەستەبەرکردنی

داهاتی زیاتر هۆمۆسێکسوالیتەشیان چێ کردووە. ژن کە لە قۆناغی نوێدا خۆی لە چوارچێوەی مافی پەروەردە، کار، ژیانی کۆمەڵایەتی و ...دا کە لە لایەن نێئۆلیبرالیزمەوە دابین کرابوون، بەرتەسك کردبووەوە، بەوە زانیویە کە ئەمەش ڕێگای ڕزگاری نیە. ژن لە ئاکامی ئەم زانینەدا تووشی لاوازییەکی دەروونی و بێچارەیی بۆتەوە. ئەمەش نەخۆشیگەلی ڕۆحیی بە دواوە هەبووە. زەخت، قیران و بەلاڕێداچوونی سێکسی بۆتە هۆی بڵاوەپێکردنی نەخۆشیگەلێکی وەك ئەیدز" (مانیفست آزادی زن ص ٥٩ و ٦٠). ئۆجەلان لێرەدا هاوشێوەی ئیدئۆلۆژییەکانی دیکەی وەك ئیسلام لە سەر هۆمۆسێکسواڵ دەئاخڤێ و بە بەرهەمی سیستمی کاپیتالیستیی دەزانێ بۆ بەدەستهێنانی داهاتی زۆرتر! نازانستیترین بۆچوون لە سەر هۆمۆسێکسواڵیتە ئەوەیە کە وەك ئۆجەلان بە دەستکردی بزانی و بە یەکێك لە ڕێگەکانی بەدەستهێنانی داهاتی زۆرتری دابنێی! ئەمە لە کاتێکدایە کە هۆمۆسێکسواڵ بە درێژایی مێژوو هەبووە و ڕەگەزێکە لە ڕەگەزەکانی مرۆڤ، هەر وەك ڕەگەزی نێرینە یان مێیینە کە جێگەی باسکردنی لەم نووسینەدا نیە.

بەڵام لێرەدا پرسیار ئەوەیە کە بۆچی ئۆجەلان لە نێو هەموو جۆرەکانی بنەماڵەدا، تەنیا هێرش بۆ سەر بنەماڵەی یەك هاوسەری دەکا؟ بۆچی ناوێك لە بنەماڵەی چەند هاوسەری ناهێنێ؟ بۆچی بنەماڵەی یەك هاوسەری تا ئاستی پێوەندیی قەحبەگەری دادەبەزێنێ؟ ئەمە پرسیارگەلێکی بنەڕەتین کە هەموو تێئۆرییەکەی ئۆجەلان دەبەنە ژێر پرسیار.
بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە دەبێ بە تایبەتی چاو لە شرۆڤەکانی ئۆجەلان لە سەر دینی ئیسلام و هەڵسوکەوتی محەممەد، پێغەمبەری ئیسلام لەگەڵ ژن بکەین! پاشان هێندێك تێئۆریی دیکە هەیە کە باس دەکرێن. ئەو دەڵێ: "دینی ئیسلام یەکێك لە دینە گەورەکانی سەردەمی فێئۆدالیزم و لە ئیدئۆلۆژییە کاریگەرەکانە کە لە سەدەی حەوتەمی زایینیدا بە ڕێبەریی حەزرەتی محەممەد لە عەرەبستاندا سەر هەڵدا. ئەوە لە کاتێکدا بوو کە ژن بێ بایەخ بوو و زیندەچاڵ دەکرا. پیاو لەم کۆمەڵگەیەدا بە دڵخوازی خۆی ژنی دەهێنا و مافی تەڵاقیشی هەبوو. لەم دۆخە نالەبارە کۆمەڵایەتییەدا، پێکهێنانی ژیانی هاوبەشی محەممەد لەگەڵ خەدیجە، ڕۆڵێکی زۆری لە بەدەستهێنانی بیرۆکەی ئەرێنی لە سەر ژنان بۆ محەممەد بە دواوە بوو. پێوەندییەکانی محەممەد لەگەڵ خەدیجە لە ڕاستیدا نێشانەی شۆڕشی ژن بووە. خودی حەزرەتی محەممەد کەسێکە کە لە هەڵسوکەوت لەگەڵ ژندا عیشق بە خودای نیشان داوە، لەو سەردەمەدا ئەو پێشکەوتووترین کەس بووە. ئەم شێوە عیشقە کە دواتر لە بیر کرا، لە ڕاستیدا بە لە بەرچاوگرتنی دۆخی ئەو سەردەمە گەشەپێدانی ژن و بنەماڵە بووە. مەودای نێوان عێشقی خودایی و عێشق بە ژن زۆر نیە، بەڵام دوایی بە بەلاڕێدابردنی ئیسلام ئەم پێوەندییە بە لاڕێدا دەبردرێ و وەك پیسترین ئامرازی لێ دێت. حەزرەتی محەممەد بایەخی بە ژنێك دا کە لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتیدا وەك مایەی شەرمەزاری چاوی لێ دەکرا، ئەو ئەمەی لە پێکهێنانی ژیانی هاوبەش لەگەڵ ژنانی عەشیرە و توێژە جۆراوجۆرەکاندا دەرخست. بەم شێوەیە بە گەرەنتیکردنی مافی ژیان بۆ ژن، جێگەیەکی ڕوونی بۆ ئەو دانا. بەم کارەی گۆڕانکارییەکی قووڵی ئەرێنیی لە پێگەی ژندا پێك هێنا. ڕوانگەی ئەرێنیی ئیسلام لەسەر هەڵسوکەوت لەگەڵ ژن لەو سەردەمەدا، دوایی لە سەردەمی دەسەڵاتدارەکانیتردا گۆڕدرا و بوو بە هۆی سەرکوتی ژن. (مانیفست آزادی زن – ص ۴۴ و ۴۵ ، ۴۶ و ٤٧). لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێ: "ژیانی محەممەد لە ڕوانگە و هێڵیە فیکرییەکانی ئێستا جیایە، لە شەریعەتدا باس لە چوار ژن دەکرێ، ئەمە لە کاتێکدایە کە محەممەد سێزدە ژنی مارە کردووە. بەڵام ئەوەی کە دیارە بە خواست و ئازادیی خۆیان ئەو ژیانە هاوبەشەیان لەگەڵی پێك هێناوە، نەك بە زۆر و زەخت خستنە سەریان. من مارە کردنی ئەم ڕادە ژنە بە کارێکی بەجێ و گرینگ هەڵدەسەنگێنم. کەسانێك هەن کە دەڵێن: بۆچی محەممەد ئەو هەموو ژنەی مارە کردووە؟ من دەڵێم کە کارێکی باشی کردووە. تەنانەت ئەگەر چەندین ژنی دیکەی لە خۆی

ماره کردبایه، کارێکی هەڵە نەبوو. چوونکە دەتوانی ناوی ئەو وەك گەورەترین عاشق بێنی! لەگەڵ ژنان وەك منداڵان دۆست و هاورێ بووە، کەسایەتییەکی دێموکرات بووە، من ئەمانەم قبووڵە (رهبریت و خلق ص ١٤٤ و ١٤٧).

ئۆجەلان لە پێشدا هێرش دەکاتە سەر بنەماڵەی یەك هاوسەری، بەڵام کە دەگاتە سەر پێغەمبەر دەڵێ کاری چاکی کردووە کە ١٣ ژنی هەبووە. بە پێی لۆژیك دەتوانین بڵێین کە ئۆجەلان وەك ئیسلام باوەڕی بە چەند هاوسەری هەیە. دەنا بۆ پێداگری لە سەر باشبوونی چەندهاوسەری بۆ محەممەد دەکات و لەو لاشەوە دژی بنەماڵەی یەك هاوسەری ڕادەوەستێ؟ دانانی ناسناوی پێشکەوتووترین، عاشقترین و دیمۆکرات بۆ محەممەد نیشانەی ئەوەیە کە محەممەد و هەڵسوکەوتەکانی بۆ ئۆجەلان باشترین باشقەن. دەنا مرۆڤ ناتوانێ هاوکات خەبات بکات بۆ ڕزگاریی ژن و ژن بە پیرۆز بزانێت، بەڵام لەم لاوە کردەوەکانی محەممەد بەرانبەر بە ژن بە باش بزانێت. یان ئەوەی کە ئۆجەلان دژایەتی لەگەڵ بەکارهێنانی ژن بۆ پرۆپاگاندا و کاری ناڕەوای کاپیتالیزم دەکا، بەڵام لەگەڵ ئەوەی کە موحەممەد لە قورئاندا دەڵێ هەر کەس لە ڕێگەی خودادا بکوژێ یان بکوژرێ لە بەهەشتدا "حووری" واتە ژنی بەهەشتیی پێی دەدەن، هەر دووی ئەمانە پرۆپاگاندای سێکسین! مرۆڤ ناتوانێ یەکێکیان قبووڵ بکات و ئەوی دیکەیان ڕەت بکاتەوە. ئەم وتانەی ئۆجەلان لە سەر دینی ئیسلام و پێش لە ئیسلام بێبەڵگە و ناڕاستن. لە ئایینەکانی پێش ئیسلامدا لە عەرەبستان ژن ڕۆڵی یەکجار پیرۆزی هەبووە، تا ڕادەیەك کە خەڵك سێ ژن-خودای گرینگ بە ناوەکانی لات، مەنات و عوزا دەپەرەستن.[4] لە کۆمەڵگەی ئەو کاتی عەرەبستاندا چەندین شێوە ژیانی بنەماڵەیی هەبووە کە یەکێکیان چەندهاوسەری بۆ ژن بووە و ژنێك ئیزنی هەبووە چەندین شووی هەبێ.[5] هەروەها پێش لە ئیسلام ژن خاوەنی پێگەی کۆمەڵایەتیی تایبەت بووە، بۆیە کەسێك وەك خەدیجە کچی خوەیلێد کە دەوڵەمەندترین ژنی تایفەی قورەیش بووە[6] و هەروەها هێند کچی عەتبە کە دەسەڵاتدارێکی بەهێز بووە و لە شەڕی ئۆحۆد لە تەنیشتی پیاوان دژی سۆپای ئیسلام شەڕی کرد،[7] هەڵکەوتوون. پێویستە بگوترێ کە ژن لە عەرەبستانی پێش ئیسلامدا هەم لە باری ماددی و هەم لە باری مەعنەوییەوە خاوەن بایەخی تایبەت بووە، بۆیە وتنی ئەوە کە ژن زیندەچاڵ کراوە درۆیەکی شاخدارە، چوونکە ناتوانی لە لایەکەوە بیپەرەستی و لە لایەکی دیکەوە زیندەچاڵی بکەی. ئەگەر بەو شێوە بوایە، ڕادەی ژنان لە ڕادەی پیاوان زۆر کەمتر بوو! چەند هاوسەر بوونی پیاوان لەو کاتەدا نیشانەی ئەوەیە کە ژمارەی ژنان لە پیاوان زۆرتر بووە. جیا لەوە "کچ بەشوودان" سەرچاوەیەکی ماڵی بووە، چوونکە کاتی بەشوودانی پارەیەکی زۆریان لە زاوا وەرگرتووە، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە ژن کاڵایەکی بەهامەند بووە و زیندەچاڵکردنی لە عەقڵ بە دوور بووە!

ئۆجەلان بۆ داڕشتنی ئەم تێئۆرییەی لە هێندێك بیرۆکەی دیکە کەڵکی وەرگرتووە، لەوانە دەتوانرێ ئاماژە بە شۆڕشی کولتووریی مائۆ لە چین بکرێ. "مائۆ نەیدەتوانی کردەوەی سێکسی بە تەواوی قەدەخە بکات، بەڵام مائۆ کە دەیویست لە کچان هێزێ سەربازی بۆ خۆی چێ بکات، هەبوونی تایبەتمەندیی ژنانەی بۆ ماوەیەکی زۆر قەدەخە کرد. لەو سەردەمەدا زۆرێك لە کچان هەوڵیان دەدا کە وەك پیاوان ئاخاوتن بکەن، وەك پیاوان ڕۆن بە ڕێوە و وەك ئەوان هێرش بکەن و توندوتیژی بنوێنن و هەر کەس ئاوەها نەبوایە گاڵتەیان پێ

---

[4]: قورئان، سورەتی نەجم ئایەتەکانی ١٨ و ١٩
[5]: مسعود انصاری، ٢٠٠٨، زن در ادیان ابراهیمی، ص ٤٥

[6]: سیره ابن هشام، جلد یکم، ص ٢٠٤
[7]: سیره ابن هشام جلد دوم ص ١٠٣

دەکرد. دۆخەکە جۆرێك بوو کە کەس نەیدەتوانی ژنبوونی خۆی پیشان بدات".[8] ئۆجەلانیش وەکوو مائۆ، ژنبوونی لە ژن ئەستاندۆتەوە و ڕاست وەك پیاوی لێ کرد و چەکداری سەربەخۆی لێیان چێ کرد. لەم بارەیەوە برۆلێت دەڵێ: "کاتێك هاول پڕیاری دا کە هەموان دەبێ پەروەردەی فیزیکی و سەربازی بکرێن، کچان و ژنانیش ناچار بوون پەروەردە بکرێن. جیدن، نێدال و شێری جوول هەستیان ورووژا و سروودگەلێکی تایبەتیان بۆ کاتی پەروەردە چڕی، سروودگەلێك کە فەرمانەکانی لقی دەیویدییەکان بوون. ئەم سروودانە ئاماژەیان بە کوشتنی بابێلییەکان و دوژمنانی وەرنوون هاول دەکرد. شری و جیدن ژنانیان ناچار بە ئەنجامدانی کاری سەربازی دەکرد، وەك سەرباز نمایشی سەربازییان فێر دەکردن و هاوکات ناچاریان دەکردن کە سروودەکان بخوێننەوە، شێری و جوودی دێڕێکیان دەخوێندەوە و ئەوانیتر بە دەنگی بەرز دێڕەکەی دیکەیان دەخوێندەوە. ئەم پەروەردە کردنە هەموو ڕۆژێك لە کاتژمێر پێنج و نیوی بەیانییەوە دەستی پێ دەکرد. هاول فەرمانی دابوو کە دیوارەکانی بنکەکە دەبێ بیست و چوار کاتژمێری شەو ڕۆژ پاسەوانیان هەبێ".[9]

بیرۆکەیەکی دیکە کە لەم تێئۆرییەی ئۆجەلاندا بە دی دەکرێ، وەلانانی پێوەندیی سێکسی و دژایەتیکردنی تاك هاوسەری و گەڕانەوە بۆ چەند هاوسەرییە. لە کتێبی "بۆچی واکو" کە جەیمز تابور و یووجین گێلگێر نووسیویانە، بە وردی لە سەر ئەم بیرۆکەیە لێکۆڵینەوەیان کردووە. لەم کتێبەدا تێکۆشاون لۆژیکێك بۆ هەڵسوکەوتی دەیوید کوورش ڕێبەری گرووپی دەیویدییەکان لە ئامریکا بدۆزنەوە. "پێوەندیی سێکسیی لقی دەیویدییەکان، تێکەڵاوێکی سەیر لە وەلانانی پێوەندیی سێکسی لە لایەکەوە و چەند هاوسەری لە لایەکی دیکەوە بوو. ئەگەرچی دەیوید کوورش لە ساڵی ١٩٨٩دا پێوەندیی سێکسیی خۆی لەگەڵ هاوسەرانی ئەندامانی گرووپەکەی کە پێوەندیی هاوسەریەتییەکەیانی هەڵوەشاندبووەوە بە گوناح نەدەزانی، بەڵام وەڵامی ئەو لە بەرانبەر کامێراکاندا بە تەواوی ناڕاست بوو. کوورش ئەوەندە لە دەسەڵاتی دنیای دەرەوە دەترسا و ئەوەیکە لەوانەیە دەستێوەردان لە پێوەندییەکانی ناو گرووپەکەدا بکەن و تەنانەت منداڵەکانی لێ وەرگرنەوە، تەنانەت پێوەندیی هاوسەریی ساختەی لە نێو ئەندامانی گرووپەکەدا پێك دەهێنا. کوورش بەم شێوەیە پاساوی کردەوە پارادۆکسیکاڵەکانی خۆی دەدایەوە: "دنیای دەرەوە ناتوانێ ئەو کردەوانەی ئێمە فام بکات و لەگەڵمان هاوسۆزی بنوێنێت. کوورش لە سەر ئەوە پێی دادەگرت کە هەموو شوێنکەوتووە نێرەکانی چ لە باری دینی و چ لە باری زانستییەوە دەبێ پێوەندییە سێکسییەکانیان وەلا بنێن و کۆتاییان پێ بێنن. لە هاوینی ١٩٨٩دا دەیوید کوورش ڕایگەیاند کە بە پێی وەحیە نوێیەکان، دەبێ هەموو هاوسەرەکان لە هاوژینی خۆیان جیا ببنەوە و هێچ چەشنە پێوەندییەکی سێکسییان پێکەوە نەمێنێ. هەر بە پێی ئەو وەحیە، هەموو منداڵانی ئێستا و داهاتووی ئەو پلەیەکی تایبەتیان لە دەسەڵاتی خوادادا دەبێ کە بەم زوانە لە ئیسرایل سەرهەڵ دەدات".[10] ئیدئۆلۆژیی ژنتەوەری ئۆجەلانیش دەقاودەق ژن لە ژنبوون دوور دەخاتەوە و دەیکات بە پیاو!

لە نێو گرووپی منداڵانی خودادا بە هۆی ئەوەی کە گرووپەکە بە بنەماڵەی ڕاستەقینە ئەژمار دەکرا، هاوسەرگیری کارێکی هەڵە بوو.[11] لەم گرووپەدا هان دەدران کە بۆ شادبوونی مەسیح، ڕۆڵی قەحبە بگێڕن.[12]

---

[8] :Jung Chang; Wild Swans; Published by Flamingo; 1991; P: 422

[9] : Tim Madigan; 'See No Evil; Blind Devotion and Bloodshed in David Koresh's Holy War'; published by the Summit Group; Fort Worth Texas; 1993; PP: 116, 121

[10] : James D. Tabor and Eugene V. Gallagher; Why WACO? University of California Press; 1995; PP: 66; 68

[11] : Benjamin Zablocki & Thomas Robbins; 'misunderstanding Cults' Searching for objectivity in a controversial field; University of Toronto Press; 2001; PP: 430, 432

ئیدئۆلۆژیی ژنتەوەری ئۆجەلان کە بە ڕواڵەت وا پێشان دەدرێ کە پێشکەوتووە، ئیدئۆلۆژییەکی کۆنەپەرەستانەیە، ئەم ئیدئۆلۆژییە پشتی بە مێژوویەکی خەیاڵی و بێ دێکۆمێنت بەستووە و لەگەڵ کێشەکانی ژنانی ئەمڕۆ بە تەواوی بێگانەیە و لە نێو مێژوودا دەژی و دەیەوێ ژنی ئەم سەردەمە بگەڕێنێتەوە بۆ سەردەمی کۆمۆنە سەرەتاییەکان، کە ئەمە نە لە ڕووی زەمەنی و نە لە ڕووی فەرهەنگی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە گونجاو نیە. ئیدئۆلۆژیی ژنتەوەری پەکەکە نەیتوانیوە ژن بەو جۆرەی کە پەکەکە دەیهەوێ بخولقێنێت، هەر بۆیە بۆ نموونە دەبیستین کە "بەشێك لە کچەکان (هەڵهاتوو لە ناو ڕیزەکانی پەکەکە)، بۆ ئەوەی خۆیان لە ژیانی ناهەمواری ناو کەمپ ڕزگار بکەن، خۆیان هاوێشتۆتە ناو ژیانێکی ناهەموارترەوە"... "ئەو کچانەی کە لە لایەن خاوەن هوتێلەکانی دهۆکەوە یارمەتییان دراوە بۆ چوونەدەر لە کەمپ، بۆ دابینکردنی شوێنی حەوانەوە و قەرەبووکردنەوەی ئەو منەتبارییەی کە کەوتۆتە ئەستۆیان، تووشی لەشفرۆشی کراون. ئەو بانگەشەیەی ئەندامەکەی پێشووی پەکەکە لە لایەن چەند هاووڵاتییەکی دهۆکەوە کە ڕێنێسانس پەیوەندیی پێوە کردوون، پشتڕاست کراوەتەوە" (ڕێنێسانس نیوز ١٢ی ئەیلولی ٢٠٠٨). ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە ئەم ئیدئۆلۆژییە ناتوانێ کێشەی ژن چارەسەر بکات، چوونکە ئەگەر کێشەی ژن چارەسەر بکات، هیچ ژنێك لە دەستی هەڵنایەت تاکوو خۆی تووشی لەشفرۆشی بکات. ژن لە نێو پەکەکەدا لە خزمەت ئیدئۆلۆژییەکی پیاوانەدایە و رۆحی ژنبوونی لێ دەستێندرێتەوە و ژنانیش هەر وەك پیاوان لە خزمەتی دەزگای سەربازیی پەکەکەدان، بۆیە لە هەر دەرفەتێکدا کە بۆیان دەست بدات پۆلێکیان هەڵدێن چونکە "لە ناو پەکەکەدا پاشگەز بوونەوە لە پەکەکە بوونی نیە" (مبارزه با اشرارگری ل ٦٠) ئەگەر کچێکیش لە یاساکان لا بدات "رووتی دەکەنەوە، گوشتی لێ دەبڕن و دەیتلێقێننەوە" (مبارزه با اشرارگری ڵ ٦٧) ڕەنگە ئەوانەش کە هەڵدێن ئۆجەلان گوتەنی: "کەسانی هیچ و پووچ لە نێو ڕیزەکانی شۆڕشی ئێمەدا لە هەر دەرفەتێك کەڵك وەردەگرن کە هەڵێن. چلۆن ئەم بیرۆکە لایان چێ دەبێ؟ کاتێك ئەوان ئازاد بهێڵین، تەنیا دوای چەند ڕۆژ هەڵسوکەوتێکی لاواز لە خۆیان نیشان دەدەن کە لەگەڵ هیچ یاسایەکدا نایەتەوە. هۆی ئەوەیە کە تاقەتیان نەماوە، کاتێك یەکتر دەدۆزنەوە، یەکتر گەندەڵ دەکەن. وەها کەسانێك دیتراون و سزاش دراون، چوونکە خەیانەتیان بە ئەرکەکانیان کردووە. ئەمە چ جۆر هەڵسوکەوتێکی سێکسییە کە یەکیەتیی ئێوە لە نێو دەبات؟ وەك کچە ڕەدووکەوتووەکان، میردی خۆیان دەدۆزنەوە و هەڵدێن" (چگونه باید زیست ص ٤٦). ئەمە بەو واتایەیە کە هەر کەس لە ناو پەکەکەدا نەمێنێ بە دوای هەستی سێکسیدا دەکەوێ و ئەگەر کچ بێ ڕەدوو دەکەوێ و ئەگەریش کوڕ بێت بە هۆی کچێکەوە گەندەڵ دەبێ!

ژنۆلۆژی و ئیدئۆلۆژیی ژنانەی ئۆجەلان کاتێك چاکتر ڕوون دەبێتەوە کە ئۆجەلان باسی "خانووەکانی عەفاف" دەکات کە لە ئێراندا هەیە. ئەو دەڵێ: "ئەم بابەتە زۆر سەرنجڕاکێشە و هەستێك لای من ساز دەکات کە پێم وایە لە من پێرەوی دەکەن. من ماوەیەك لەمەوپێش باسم لە سەر "خانووگەلی ئازادی" کرد. هەڤاڵان دەتوانن ئەم کارە بکەن و دەتوانن لە هەر وڵاتێکدا وەها خانووگەلێك پێك بێنن" (یاداشت‌های رهبری/ ل ١١٧ و ١١٨). بەڵام خانووی عەفاف کە ئۆجەلان دەیەوێ هاوشێوەکەی دابمەزرێنێ چیە و ئەرکی چیە؟ "خانووەکانی عەفاف گەڵاڵەیەك بوو کە لە ساڵی ٢٠٠٢ لە لایەن کۆمەڵگەی ئیسلامیی قومەوە بە مەبەستی بە یاساییکردنی کەڵك وەرگرتنی سێکسی لە ژنان خرایە ڕوو. بە پێی پێرەوی ئەم گەڵاڵەیە کەسانێك وەك بێوەژنەکان، ئەو ژنانەی کە شووی هەمیشەییان ناوێت، خوێندکارگەلێك کە توانای پێکهێنانی ژیانی هاوبەشیان نیە، پیاوگەلێك

[12] : Deborah Berg Davis, The Children of God: The inside story (Grand Rapids, Missori: The Zondervan Publishing House, 1984). Cited from: Steven Hassan; 'Combatting Cult Mind Control; Park Street Press; 1988; P: 103

که به هێندێك هۆكارەوە كەس لەگەڵیان ژیانی هاوبەش پێك ناهێنێ، پیاوگەلێك كه ژنەكانیان نەخۆشیی درێژماوەیان هەیە و ئەو پیاوانەی كه لە سەفەرن و دوور لە ژنەكانیان دەژین، دەگرێتەوە."[13]

ئۆجەلان بە پێشنیاری چێكردنی "خانووەكانی عەفاف" ڕووی ڕاستەقینەی ئیدئۆلۆژییە ژنتەوەرەكەی دەردەخات كه لە بنەڕەتدا مەبەستی ئازادیی ژن نیە، بەڵكوو بە كۆیلەكردنی ژنە. دەنا "خانووەكانی عەفاف" گەورەترین سووكایەتی بە كەسایەتیی ژنە و ئەوە دەگەیەنێت كه ژن تەنیا ئامرازێك بۆ وەرگرتنی چێژی سێكسیی پیاوە. ئۆجەلان مەبەستی خۆی لە خانووگەلی ئازادی دەردەبڕێ و دەڵێ لە سەر بنەمای پەرەستنگەكانی ئیشتار پێك بێن (یاداشتهای رهبری/ ل ١٥٢)، بەڵام لە پەرەستنگاكانی ئیشتار چی ڕووی داوە؟ " یەكێك لە ئایینە كۆن و بەربڵاوەكانی ئەم ناوچەیە كه لە میسرەوە تاكوو بابل، حیجاز، ئێران، هیرۆپۆلیس (حەلەب)، فریگییە (ئاناتۆلی) و... بەڕێوە دەچوو، ئایینی بەهاریی شینگێڕان بۆ خودایەكی كوژراو بوو كه لە پەرەستنگای ژنخوداكاندا بەڕێوە دەچوو (لێرەدا ناوی پەرستنگای ئیشتار بە بۆنەی بەهێزتر بوون و ناسراوتر بوونیەوە بۆ هەموو ئەو پەرستنگایانە بەكار دێنم). لەم ڕێورەسمەدا كه بە مەبەستی پیت بەخشین بە ژیانی مرۆڤ و سروشت بەڕێوە دەچوو، ژنان بە لاسایكردنەوەی ژن-خودا (كه بۆ بەخشینی پیت و بەرەكەت بە زاوزێ، گرینگیی زۆر بە كردەوەی سێكسی دەدا) دەبێ ڕوو لە لەشفرۆشیی پیرۆز بكەن، واتە دەبێ خۆیان بخەنە بەردەستی پیاوە ڕێبوارەكان و پارەیەك كه لەو كارە وەریدەگرن، بیدەن بە پەرەستنگا، زۆر جار ئەو لەشفرۆشییە پیرۆزە وەك پێشمەرجی شووكردنی كچان دەهاتە ئەژمار، ئەوان دەبا كچێنیی خۆیان پێشكەش بە ژنخودا بكەن تا ئەویش منداڵی زۆریان پێ ببەخشێ. لە ئەرمەنستاندا بنەماڵە هەڵكەوتووەكان كچەكانی خۆیان دەناردە خزمەت ژن-خودا ئەناهید. لە پەرستنگای ئەودا كچەكان پێش لەوەی شوو بكەن ماوەیەك لەشفرۆشییان دەكرد. ئەو شێوە لەشفرۆشییە ئەگەرچی ڕەنگێكی ئایینیی هەبووە و بۆ ژنان زیاتر ئەركی دینی بووە تا چێژی ئاڵۆش، بەڵام ژنانی زۆریش بوون كه ئەو كارەیان پێخۆش نەبوو، هەر بۆیە ئەم نەریتە وردە وردە لە كۆمەڵگە سڕایەوە و پێشكەشیی پەرەستنگا لە لەشەوە گۆڕا بە قژ، بۆیە ژنان ساڵانە لە ڕێورەسمەكەدا لە ڕۆژێكی تایبەتدا قژی خۆیان دەبڕی، یان سەریان بە تەواوی دەتاشی. ئەوە وەك پێشكەشێك بۆ خودا دەهاتە ئەژمار." (گوڵاڵە كەمانگەر، قورئان لە نێوان ئوستوورە و جادوودا، ل ٨٦ و ٨٧).

لێرەدا ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ پرسیاری سەرەتای باسەكە، دوای ئەم دۆكۆمێنتانەی سەرەوە بۆمان دەردەكەوێ كه ئیدئۆلۆژیی ژنتەوەری ئاپۆ پێشكەوتوو نیە، ئەوەیكە ژنان ڕووی تێ دەكەن نیشانەی پێشكەوتوویی نیە و دەبێ بەدوای هۆكارە كۆمەڵایەتی، كولتووری و ئابوورییەكانیدا بگەڕێین. هەر وەك پێشتر ئاماژەی پێ كرا عوسمان ئۆجەلان و زۆرێك لە كادرەكانی پەكەكە لە سەر پێكهێنانی ئازادانەی ژیان لە ڕیزەكانی پەكەكە جیا بوونەوە. ئەمە دەری دەخات كه ئەم ئیدئۆلۆژییە بە بنبەست گەیشتووە و ئەگەر تا ئێستاش ماوە بە زەبری چەک و سەركوت ماوە!

---

[13]:https://fa.wikipedia.org/wiki/%D8%AE%D8%A7%D9%86%D9%87_%D8%B9%D9%81%D8%A7%D9%81